# "ئەم دەستورە دەڵێت بۆت هەیە ڕای ئازاد دەربری بەلاّم لە چوارچێوەی دینی ئیسلامدا!؟"

## دیدار لەگەڵ شیرن محسن هەلسوورای بزوتنەوەی ژنان

سایتی حیزب : هەست بە چ ئەمانەتێک ئەکەیت کە لە ڕەشنوسی دەستوردا بە ژن درابێت؟

شیرین محسن: دەستورێك بنەماكەی ئاییینی ئیسلام بێت تەنها دیاری دەستی برەوپیدان ئەبێت بە كوشتنی ناموسی، بە زۆر پۆشینی حیجاب، پاشكۆكردنی ژن بۆ پیاوو بێ دەسەلاّتكردنیان‌و ناردنەوەیان بۆ كونجی ماڵەوە. ئەم دەستورە ژن وەك ناقص العقل پێناس دەكات‌و بە دوور ڕایاندەگرێت لە بوارە سیاسی‌و ئابوری‌وكۆمەلاّیەتی‌و....هتد لەبەر ئەوە هەست بە هیچ ئەمانەتێك ناكەم كە بە ژن درابێت. ئەو نسبەتی لەسەدا بیست‌وپێنجەشی كە لەدەسەلاّتدا بە ژنان دراوە لە ژێر فشاردا قبوڵیان كردووە هەرچەندە هیچ  لە ژیانی ناهەمواری ژنان ناگۆڕێت لەبەر ئەوەی دەبنە پەیرەو كەری دەستوورو یاسا دژی ژنەكان. ئەوە بێجگە لەوەش كە ژنان لە نیوەی كۆمەڵەوە بە ڕەسمی كراون بە چارەك!

سایتی حیزب: لەم ڕۆژانەدا تۆ لە بلاّوكراوەی فریدریكستاد بلاّددا، كە بلاّوكراوەیەكی ناوخۆی‌یە لەو شارە، دەنگی (نا)ت بە دەستور بەرز كردبۆوە. بەكورتی تۆ لەوێدا چ مەسەلەیەكت لەم بارەیەوە ڕۆشنكردۆتەوە؟ ئایا هیچ بانگەوازێكی ڕوو بەژنان تێدا بووە؟

شیرین محسن: بلاّوكراوەكە لە ژێر مانشێتی (نا بۆ دەستورێك كە دوژمنایەتی تەواوی ژنان دەكات لە عێراقدا ) چاوپێكەوتنەكەمی بلاّوكردبۆوە. نموونەی ئێرانم هێناوەتەوە كە تا ئێستاش ژنان بەردەباراندەكرێن تا ئەمرن، وە سعودییە كە كڕین‌و فرۆشتن بە كچانەوە دەكەن وەكو شت‌ومەك، وە ئەفغانستان‌و دەیانەوێت عێراقیش وەك ئەو وولاّتانە لێ بكەن بە بیانووی ئەوەی كۆمەڵگای عێراق ئیسلامییە. من ڕوونم كردەوە كەكەسانی زۆر هەن بێ دینن، كۆمۆنیستن یان هەڵگری بیری مەسیحین یان دینی ترن، ئەوە میدیاكانن ئەم ڕاستییانە بە ئاوەژووی دەردەخەن . باسی ئەوەم كردووە كە لەم كاتەدا خەڵك ماندووەو هیلاك كراون بەدەست نائەمنی‌و تەقینەوەی هەمە ڕۆژەو بێ ئاوی‌وبێ كارەبایی‌و.. لەبەرژەوەندی ئەمریكایە كە خێرا بكات‌و بە دەستوورێكی وا شەرعیەت بە سیاسەتەكانی بداو پەنجە مۆری خەڵكی لێ بدات كە لەڕاستیدا ئێستا كاتی ئەوە نییە لە وەزعیەتێكی نا ئاسایی ئاوادا دەستوور دابنرێ لەبەر ئەوەی خەلك ئازاد نین‌و عێراق نائەمنەو كێشەو گرفتی سەرەكیان هەیە هەروەك پێشتر باسم كرد . هەروەها ئەوەشم باس كردووە كە لە شەریعەتی ئیسلامدا خەڵك دەبێت شوكرانە بژێر بێت بەوەی كە هەیانەو نیانە لەبەر ئەوەی خوا ئەوەندەی پێ داون. ئەمەش بە پاسیف كردنی ئینسانەكانە. ئەم دەستورە دەڵێت بۆت هەیە ڕای ئازاد دەربری بەلاّم لە چوارچێوەی دینی ئیسلامدا ئەمەش بنەمای لێكچونی ئەم دەستورەیە لەگەڵ دەستورەكەی بەعس بە كەمێك بۆیاخ كارییەوە . لەكۆتاییی دا بانگەوازی خەڵكی نەرویجم كردووە كە بێنە بەرەی (نا)دژ بەم دەستورەوەو پەیوەندیمان پێوە بكەن هەروەك چۆن بە هیممەتی بزووتنەوەی یەكسانیخوازی ژنان‌و هاوپشتی حیزب‌و لایەنەكان لەزۆربەی ووڵاتەكاندا پاشەكشەمان بە قانوونی 137 كرد. وە نەمانهێشت بۆیان بچێتە سەر بەلاّم ئەوەتا ئێستا ئەیانەوێ بە دەستور دەیان بڕگەی وەكو 137 بسەپێنن وە بەهاوكاری ئەحزابی ناسیۆنالیستی كورد.